**هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،**

**هێرشی پۆلیسی بەلجیک بۆ سەر ڕۆژ تی ڤی مەحکوم دەکات.**

هێرشی پۆلیسی تایبەتی و پۆلیسی ئاسایی بەلجیک بۆ سەر تەلەفیزیونی ڕوژ، ڕۆژ تی‌ڤی، و بنکە کولتوریەکانی دیکەی کوردی لەو ولاتە مەحکوم دەکەین و بە کارێکی سیاسیی دادەنێین.

هەمووان دەزانن کە فشاری دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کوردستان لەو پەریدایە، و سەرەرای درۆ و دەلەسەی کردنەوەی دۆزی کورد تورکەکان بە هەموو شیوەیەک هەوڵی تواندنەوەی کورد و کوردستانیان دەدەن. لە ئوروپا تورکەکان هەوڵێکی زۆر دەدەن کە ناوی کورد بزرێنن و ئەو کارەی خۆیان لە تورکیادا دژ بە کورد پێیان ناکرێت، لە ئوروپا بە ئوروپیەکانی بکەن کە بەداخەوە هەتا ئێستا بە باشی بۆیان کردووە.

داخستنی ڕۆژ تی‌ڤی لە کاتی وادا کە بەرەو یاد کردنەوەی نەوروز و هەڵەبجە و کیمیابارانی کوردستان هەنگاو دەنێین و هەروەها بەرەو هەشتی مارس کە دایکانی گەریلا و ژنانی کورد چالاکی سەرنجراکێشی تیادا ئەنجام دەدەن، بێگۆمان بریاریکی سیاسیە.

ئێمە وەکو دوو هاوپەیمانی سیاسی کوردستانیی، پارتی سەربەستی کوردستان و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) داوا لە حکومەتی بەلجیک و هەموو ئوروپا دەکەین کە لەو زیاتر نەکەونە ناو بازنەی گەمەی تورکیەوە و چیتر ڕژاندنی خوێنی کورد بۆ تورک هاسان نەکەن و نەبن بە بەشێک لە سیاسەتی داگیرکەرانەی تورک لە کوردستان.

هەروەها داوا لە هەموو کوردستانیان دەکەین کە ئەو هێرشە بە هێرشێک بۆ سەر خۆیان دابنێن و بە شێوەی ئاشتیی و دیموکراسیانە، بەڵام توند و مەحکەم وەڵام بدەنەوە، باشترین وەڵام دانەوە پێداگرتنە لەسەر دامەرزاندنی دەولەتێکی کوردستان و سووربوونە لەسەر خەباتی کوردستانیبوون.

وڵاتانی ئوروپا جێی خۆیەتی و دەبێت بەشداریی لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردستاندا بن لە ڕیگای سیاسیی و بە شێوەی دیموکراتیک و ئاشتیخوازانە. کاری لەم جۆرە زیاتر دۆخەکە گرژتر و نالەبارتر دەکات و سوود بە چارەسەرکردنی ناگەیەنێت.

**هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

پارتی سەربەستیی کوردستان
www. psk20006.org

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەلات)
www.psdkurdistan.org

١٤ی ڕەشەممەی ٢٧٠٩ ی کوردی. ٥ ی مارسی ٢٠١٠ ی زاینی.